# پێشنیارەكانی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی كوردستان لەسەر ناوەرۆكی راپۆرتی حساباتی كۆتایی حكومەتی هەرێمی كوردستان ساڵی ٢٠٠٩

١- داوا دەكەین كە دەزگای چاودێری دارایی یەك بگرێتەوە و بەشێوەیەكی ئەكتیڤ چاودێری ماڵی گشتی و چۆنیەتی خەرج كردنی بودجە و دەسكەوتنی داهات بكات .

٢- كاراكردنی دەوری چاودێری و وردبینی ناوخۆیی ناو وەزارەتەكان و دام و دەزگاكانی حكومەت لە رێگای دانانی كارمەندی شارەزا و لێهاتوو لەم بوارە وە دەبێت فەرمانبەرانی ئەم بەشە تایبەتمەندی خۆیان هەبێت .

٣- پێگەیاندن و ئامادەكردنی كادری بەتوانا لەبواری ژمێریاری و وردبینی لەناو وەزارەت و دام ودەزگاكانی حكومەت لەرێگەی خول و وۆرك شۆپەوە راهێنانیان لەسەر سیستەمی نوێی كاركردن

٤- ئاگاداركردنەوە و لێپرسینەوە و ناردنی كارمەندانی گەندەڵ و كەمتەرخەم لە ناو دام ودەزگا و وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێم بۆ دادگای پەیوەندیدار و پاداشت و سوپاس كردنی كادری چالاك و دڵسۆز كە بودجە و ماڵی گشتی بەفیرۆ نادات ئەم پرۆسەیەش گەر بەبێ جیاوازی و پالپشتی ئەنجام بدرێت زۆر گرنگە .

٥- پێشكەش كردنی حساباتی كۆتایی حكومەتی هەرێم لەكاتی دیاری كراوی یاسایی خۆیدا بۆ پەرلەمان لەگەڵ راپۆرتی چاودێری دارایی .

٦- پاكتاو كردن و چارەسەر كردنی سولفەكان كە پێشینە دراوە بەشێوەیەكی یاسایی و ژمێریاری .

٧- پێویستە لەكۆتایی ساڵدا هەر وەزارەتێك یان فەرمانگەیەك كە پارەی ماوەتەوە بۆ پرۆژە و خاڵی بەسوود و پێویست بەكار بهێنێت بە لەبەر چاو گرتنی بەرژەوەندی گشتی هەرێمی كوردستان بەپێی یاساو رێنماییەكان .

٨- پێویستە حكومەتی هەرێم و پەرلەمان لە رێگەی كەناڵەكانیانەوە بەردەوام داواكاری لە حكومەتی فیدراڵی بكەن بۆ ئەوەی برە بودجەی هێزی پێشمەرگە كە بەپێی دەستوور دەبێت حكومەتی مەركەز دابینی بكات ، بە زووترین كات جێبەجێ بكرێت ، لەبەر ئەوەی پێشمەرگە بەشێكە لە سیستەمی بەرگری نیشتمانی بەپێی دەستوری عێراق .

٩- پێویستە حكومەتی هەرێم بەردەوام بگەرێت بەدوای سەرچاوەی نوێ بۆ زیاد كردنی بودجە و تێركردنی پێداویستیەكانی حكومەت و خەڵك بۆ زیاتر بەرەو گەشەكردن و پەرپێدانی ئابووری هەرێم .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

له ڕاستیدا ئێمه وەکو لیژنەکەمان وای بۆ دەچین گەر ئەم ڕێنماییانه جێبەجێ بکرێت که داوامان کردووه لەلایەن حکومەتی هەرێمەوه هەروەها بودجەی خەملێنراو لەکاتی یاسایی خۆیدا بگاته پەرلەمان گفتوگۆی ورد و دروست و واقیعانەی لەسەر بکرێت بەشێوەیەکی هونەری و گشتی و نەتەوەیی تێی بڕوانین و هەڵسو کەوتی لەگەڵدا بکەین کەواته بەردەوام هەر لیژنه و بەپێی پسپۆڕی و پەیوەندی به وەزارەتەکەیەوه چاودێری بەردەوامی پرۆژەکان و خەرجیەکان و داهاتەکان بکات هەروها حساباتی کۆتایی کەله ماوەی یاسایی خۆیدا گەیشته پەرلەمان بەتەنها دراسه و گفتوگۆ کردنی لیژنەی تایبەتی خۆی که لیژنەی دارایی و ئابوریيه کۆتایی پێ دێت و تەنها پەسەند کردنی پەرلەمانی دەوێت ئەو کات پێویست به گفتوگۆکردنی زۆر ناکات له ناو هۆڵی پەرلەمان ئەمەش مانای ئەوەیه که لیژنەکان ڕۆڵی پسپۆڕی خۆیان دەگێڕن متمانەی تەواو له ناو لیژنەکاندا دروست دەبێت ئەم متمانەیەش دەگوازرێتەوه ناو هۆڵی پەرلەمان .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان له سایتی وەزارەتی داد